# قەسیدەی دووەمی

## هەناسەکانی زاهیدێك ... !!

لەڕێ ئەو شۆخە خۆم کردە خاکی بەرپێ / کەچی پێیەکی پیانەنام / ساقوڕی هەموو عالەم بەسەرما نەکەم چی بکەم ... مەحوی

**سەروەر کەریم**

ئاسمان زامی گریانی هەوری پێ هەڵناگیرێ ،
خۆرلەمانی مردنی تریفە ناگات ..
بۆیە هەموو بەیانێك بەتیشکەکانی هەراسانی دەکات ...
دەریا هەناسەی نەوڕەسەکانی پێ ئەزبەرناکرێ و ،
بەشەپۆلە سەرشێتەکانی دەیانکاتە قوربانی ...
زاهید بەرژانی شەراب توڕەنابێ ،
تا سەراب میوانی دڵی بێت ...
باخچە بەوەرینی گوڵەکان زیزنابێ ،
تاباخەوانە دڵ ڕەقەکان پاسەوان بن ...
عارف ئیدی تەقوای شەوان ناکات ،
تامەیخانە جێ نزرگەی عاشقان بێ ...
کۆترەکان زناری فڕین ناگرنەباوەش ،
تاپەیامی درۆینەی بێ وەفاکان کۆتایی نەیەت ...
ئەمێستا وادەی بەعەدەم بوونە ..
هەڵوەشانەوەی توخمەکانی خەلیقەتە و ،
چڕینی دواسترانی ماڵئاوایی ژیانە ..
ئیدی کەس ئاشنا نی یە بە « خەون » .
کەس هەناسەکانی « با » نانوسێتەوە .
کەس گوێ بۆنزای کەناریەکان ناگرێ ...
ئەمە چ قەدەرێکە ...!
بەشوێن وانەکانی نەبوون دا بگەڕێن ،
هیچ خودایەك ساتەکانی ئەڤینمان پێ نەبەخشێ و،

**نەمانباتەوە بۆ کەنارەکانی عەشق ...**

**ئەفسوس .. ئەفسوس**

**ئەم گۆرانیە ئەزەلیەی مردن**

**هەمیشە زەنگەکانی مێشکمان داگیر دەکا و،**

**وێرانەکانی خەونمان نیشان دەدا**

**ڕەنگە پەمەییەکانی عەشق دەگۆڕێ و ،**

**فرمێسکی خوێنینمان پێ دەبەخشێ و ،**

**وانەکانی شکستمان پێ ئەزموون دەکات ...**

**هەموو ڕێگاکان بەرەو مردنمان دەبات ..**

**ئیدی لێوی شەککەرباری عەشق**

**نامانباتەوە ناو بوون ...**

**عەیامێکە عەیارانە فریوی بوونمان دەدرێ و ،**

**وانەکانی فەنابوونمان دادەڕێژرێ و ،**

**دەمانکەنە هاوڕێ نەبوون ...**

**سلێمانی**

**2007/8/22**

**مانای هەندێک زاراوە :**

**خەلیقەت : چیرۆکی دروست بوون**

**شەککەربار : هەنگوین**

**زنار : لوتکە**

**عەیام : ڕۆژگار ، یان سەردەم**

**عەیار : بەناز و عیشوە ، یان زۆرزان**